# خالید مەجید فەرەج
# بە دزیەوە شیعر دەنوسێت

دیمانە:هەڵمەت هۆشیار

helmethoshyar@yahoo.com

ئەو ناوێکی دیارو کەسایەتیەکی لێوان لێو لە مەنگی ، ئەو هەمیشە دەرویش ئاسا زیکری بۆ ئەوین کردوە و خەرمانێکی لە بەرائەتی بۆ عەشق هۆنیوەتەوە، ئەو سۆفی نییە بەڵام سۆفی ئاسا وێڵی دوای مەعشوقێکە تا هەنوکەش ((لە میحرابی عەشقا کۆڕی دەروێشانی گەرمە و وێڵی دوای پرسیارێکی بێوەڵامە)) ئەو سەرمەستێکی وریایەچونکە سەردەمانێک هەوڵی بێوچانی دەدا بۆ رۆشنکردنەوەی عەقڵی ئیمەی مرۆڤی کورد و مەبەستی بوو دورمانخاتەوە لەو باو و نەریتە کۆمەڵایەتیە ژەنگرتووانەی بەرۆکی تاکی کوردی گرتووە، سەردەمانێک ئەو دەیوسیت وابەستەمان بکات بەیاسایەکەوە کە مافەکانی مرۆڤ دابین بکات و کۆمەڵگە لە ئاکاری ئەقڵی خێل و پاشاگەردانیەوە بگوازیتەوە بۆ قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنی .



**خالید مەجید فەرەج لە دوو بواری جەنجاڵدا ئەسپی خۆی تاوداوە (شیعر و یاسا)، ئایا شیعر لە لای خالید کەی دێتە بوونەوە، واتا سەرەتای شیعر نوسینی تۆ بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟؟

#لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بووم، ئەو دەمانەی کە ئیتر منداڵ دەتوانێ بە ئاسانی شت بخوێنێتەوە، واتا لە پۆلی سێی سەرەتاییەوە، ئەوکاتە لە ماڵی باپیرم بووم.چەند کتێبێکیان کە بە کوردی نوسرا بوون یەکێک لەوانە شانامە بوو، کە شاعیر عەلی باپیر ئاغا ناسرا و بە (کەمالی) بە شیعر وەریگێرابووە سەر زمانی کوردی، وەکو چۆن کتێب یان فیلمی هاری پۆتەر بۆ منداڵی ئێستا زۆر سەرەنج راکێشە شانامەکەی فیردەوسیش بۆ من لە هاری پۆتەری ئێستا پەلکێش تر بوو چونکە داستانێک بوو باسی لە پاڵەوانێتی شەڕو خێرو ئازایی و ترسنۆکی، بە کوردییەک دەکرد کە پڕ لە ریتم و کێش و قافیە بوو، ئەو داستانەم بە جۆرێک خۆش دەویست، لەبەرگەوە بۆ بەرگ لەبەرم کردبوو، پێم وابێ ئەوە دەستپێکێکی زۆرباش بوو بۆ ئاشنا بوونی گوێم بە ریتم و کێشی کوردی. دوای ئەوەش بەهەرەیەک لە بەندەدا هەبوو لە هاوپۆلەکانی ئەوساما نەبوو، ئەوکات دەبوو لەوانەی کوردیدا شیعر لەبەر بکەین،بۆ ئاسان کردنی لەبەرکردنەکە و بیر نەچونەوەی ئاوازێکم

ئەدۆزییەوە لە ئاوازە کوردیە باوەکانی ئەو سەردەمانە، بەتایبەتی گۆرانییە فۆلکلۆریەکان کە لەگەڵ شیعرەکەیا وەکو کێش بگونجایەن ئیتر شیعرەکەم وەکو گۆرانی لەبەر ئەکەرد  بیرمە رۆژێک مامۆستا ووتی: بۆچی خالید شیعرەکەی بێ هەڵە لەبەر کردووە  ئێوە یان هەندێکتان وانین؟ هەموو بەیەک دەنگ وەکو ئەوەی تاوانێکم کردبێ  ووتیانک مامۆستا ئەو فێل ئەکات ، ووتی چۆن؟ (وایزانی لەبەری دەستما نوسیومەتەوە و سەیری ناو لەپی دەستی کردم) ووتیان: بە گۆرانیەوە لەبەری ئەکات مامۆستاکە ووتی چۆن؟؟ ووتم ئاوا ووتی ئیستا ئەم شیعرەت لەسەر چ ئاوازێک لەبەر کردوە منیش سەرەتاکەیم بۆ ووت هەروەکو قوتابیەکان چاوەڕوان بووم سزام بدات بەڵام لەبری سزا ئافەرینی کردم، لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە نوسین لە هەر بوارێکدا بێت، شیعر یان بابەتە ئەدەبییەکانی دیکە یاخود فیکر یان سیاسەت تا دەگات بە ئاینی، ئەگەر نووسەر لەگەڵ بەهرەکەیدا پێشینەیەکی دەوڵەمەندی لە خوێندنەوە و خوێندندا نەبێت،مەحاڵە ببێتە نوسەرێک کە جێگا دەستی دیار بێت، هەموو کاتێک ووتومە کەس بە خوێندنەوە زەرەر ناکات، خۆ ئەگەر نەشبیچت بە شاعیر یان نوسەرێکی سەرکەوتوو  لانی کەم دەبێت بە رۆشنبیرێکی باش کە خەڵک بەرێزەوە گوێ لە بیرو بۆچوونەکانی بگرن .

بە داخەوە ئەو پێشینەیە لە زۆربەی زۆری ئەوانەی کە ئیستا لە بواری نوسیندا چالاکن بە هەموو جۆرەکانیەوە نییە یان ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە. لەم رۆژانەدا لە لە یەکێک لە هەفتەنامەکاندا شیعرێکم بینی کە بەئیهتیمامێکی زۆرەوە بڵاو کرابۆیەوە، ئەمەم تیا بینی : (نۆستالیژیای مۆتیڤەکانی ئیمساحێک، لەسەر پشتی ماسییەک تەفسیر بکە) دڵنیام کە شاعیرەکە واتای نۆستالیژیاو مۆتیڤی نەزانیوە و هەر لە خۆیەوە تێی ترنجاندووە، لەگەڵ ئەوانەشی کە هەفتەنامەکە یان ئەو لاپەڕەیە بەڕێوە دەبەن، ئەگینا دەیانزانی کە ئەو دوو ووشەیە هیچ لە جێگەی خۆیاندا بەکارنەهاتوون، و ئەو دێڕە یان رستە (شیعرە) هیچ مانایەکی نییە .

نوستالیژیا بە عەرەبی واتا حنین و بەکوردی ئەکاتە تاسە، مۆتیڤیش واتا دافع بە کوردی پاڵنەر، کەواتە ئەو دێڕە بە کوردی ئاوای لێدێت،(تاسەی پاڵنەرەکانی تیمساحێک لە سەر پشتی ماسییەکە تەفسیر بکە!!!) باشە ئەگەر گۆران یان نالی ئێستا زیندوو بوونایە، شیعرەکانیان بۆ ئەو هەفتەنامەیە بناردایە لەگەڵ ئەم (شیعرە) لە یەک لاپەڕە دایان نەدەبەزاند؟؟؟

نووسینی شیعر وەزیفە نییە، بەڵکو حاڵەتێکی رۆحیە ئەگەر هەموو کەرەستەکانی پێکەوە گرێدران درووست دەبێت. دەنا ناتوانی بڵێی ئادەی مێزو کورسیەک و کوپێک قاوەو نەختێک کاغەز و قەڵەمێکم بۆ دانێن، دەنگە دەنگیش مەکەن، شیعرتان بۆ دەنوسم، بەداخەوە کە ئێستا وایلێهاتووە، لەبەر ئەوە بەرای من شاعیر یان ئەو کەسەی (شیعر) دەنوسێت کەم دەنوسێت بەڵام باش دەنوسێت ، خەڵکانێک هەن رەنگە دوو یان سێ نامیلکە و دیوانیان لە بازاردا هەبێت بەڵام لەو هەمووە دوو یان سێ لەوانەی کە ناوی لێناوون شیعر، شیعرە، دەبینی ئەوانی دیکە قسەی ریزکراو یان جوینەوەی دەستەواژە و وێنەی شاعیرانی کەیە .

بگەڕێینەوە سەرە بەشی دوایی پرسیارەکە، سەرەتای نوسینی شیعر، یاخود کەی هەستم کرد کە دەتوانم شیعر بنوسم و لە شیعری شاعیرانی کە نەچێت، یان دووبارە کردنەوەی ئەوان نەبێت، ئەوکاتە بووم کە خوێندکاری زانکۆ بووم هەندێک شتم نووسی بەڵام بڵاوم نەکردنەوە، چونکە دەمزانی خوناساندن بە خوێنەر وەکو شاعیر ئاسان نییە دواتر لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانەوە وەکو شاعیرێک یان کەسێک کە دەتونێت شیعر بنوسێت ناسرام ئەوکاتە شیعرەکەی نزار قەبانی کە بەناوی (یومیات سیاف عربی) بوو باسی لە دیکتاتۆری عەرەب کە (سەدام) بوو دەکرد، بە شیعر وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی. لەگەڵ شیعرێکی کەمێک درێژ کە تارادەیەک سیاسی بوو لە ژێر کاریگەری راپەڕین وئەو کەش و هەوا نوێ عەسکەری و سیاسی و کەلتوریە نوێیەدا کە دروست بوو بەناونیشانی ئەمڕۆ

نوسیم، هەروەها شیعری (پرسیار)کە هونەرمەند دانا غەنی ئاوازی بۆ دانا و هەر خۆشی لەگەل تیپی مۆسیقای فۆلکلۆر ووتی .

*عەشق پانتاییەکی زۆری لە ژیانی هەریەک لە ئێمەدا داگیر کردوە و هەریەک لە ئێمە لە گۆشە نیگایەکەوە لە عەشق دەڕوانین گۆشە نیگای خالید مەجید بۆ عەشق چییە؟؟ یەکەم شیعرت بۆ کی نوسیوە و ناوی شیعرەکە چی بوو؟؟

#دیارە مەبەست لە شیعری دڵداریە،، بە واتای حەزلێکردن و سووتان و دواتر شەرح کردنی حاڵ و ئەحواڵی ئەو ئازار و سووتانە بە شیعر، یەکەم شیعرم مەبەستم وەکو بڵاوکردنەوە هەرچەندە باس لە خۆشەویستیەکی تا سەر ئیسقان دەکات واتا تێکەڵ بوون لەگەڵ رۆح بەڵام بۆ کەسێکی دیار کراو نەبوو، رەنگە کەڵەکە بوونی کۆمەڵێک یان هەستێکی عاشقانەی جوان بووبێت، کە بە درێژایی ئەو تەمەنەی ئەوسام وەکو هەموو گەنجێکی ئاسایی دروست بووبێت. بەڵام وەکو لەحزەی نوسین کەسێکم وەکو گیان لە بەردەما نەبوو تەنها خۆشەویستی نەبێت کە دەکاتە روحێک هەستی پێدەکرێت بەلاچم ناتوانی بیگری. لای من ئەو شیعرانەی کە وێژدانین واتا هەستین و تا ئیستا ماوەتەوە زیاتر ئەوانەن کە لە مێشک و دڵ و دەروونی نوسەرەکەیا ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە یان پێگەیشتووە و کامڵ بووە، دەکرێ بووترێ وەکو شەراب کۆن بووە، ئەوکاتەی کەسەر دەردەهێنێ بەکامڵی لە دایک دەبێت. زۆر کەمن ئەو شیعرانەی کە بەسەر پێی بۆ عەشقێک وەیان جوانیەکی راگوزەر نوسرابن و بەنەمری بمێننەوە یەکەم شیعرم کە پڕاوپڕە لە خۆشەویستیەکی سۆفیانە کۆتاییەکەی بەوە دێت، کە دەڵێت: (گەر دەپرسن پرسیار زۆرە لە دەروازەی روحم بدا، گەرچی ئیستا دەرگای لەسەر پاکترین سڕ داخراوە، جارێک دڵم بیابانە و جارێک قیبلەی دەروێشانە، بۆ وەڵامی ئەم حاڵەتەم من وەڵامم پێنەماوە) ئایا ئەم شیعرە حاڵەتێکی سەرپێییە؟ ئایا خۆشەویستیەکی تازە دروست بووە؟ یان وەکوو ووتم کەڵەکە بوونی عەشقێکە کە لە هەڵچوون و داچوندایەکاتێک دڵ پڕ دەبێت لە نووری عیشق ئەوەندە گەرم و گۆڕ دەبێت ئەوەندە جووڵەی تێدەکەوێت دەبێتە خانەقای دەروێشان، کاتێکیش خامۆش دەبێت، دەبێتە بیابان هەر لە نیوەی دووەمی ئەو بەیتەدا دەڵێ بۆ وەڵامی ئەم حاڵەتە،(کە بۆچی ئاوایە) من وەڵامم پێنەماوە عەشقە جوانەکە ئەوەیە کە خۆشت نازانیت بۆ ئالودە بوویت پێوەی و نازانی بۆ ناتوانی لێی گەڕێی وەیان ئەوە لێت ناگەڕێت .

*کۆڕی شیعر و دەروێشان لە پەیکەری شیعری تۆدا ئامادەگی کارایان هەیە، ئاخۆ تۆ سۆفییانە لە عیشق دەروانی؟؟ یاخود ئەوە تەنها رێچکەیەکە و بۆ خۆت گردووتە؟؟

#دەڵێن شاعیر و سۆفی لە زۆر شتدا هاوبەشن، لەوانە هەردووکیان هەوڵدەدەن کە کەم و کورتی دونیا نەهێڵن، هەردووکیان بە ئیحساس دەگەڕێن بۆ چارەسەریەک بۆ ئەو کەم و کۆڕیانەی کە ناتوانرێت بە ئەقڵی ئاسایی بیگەیتێ. هەرچەندە وەکو ووتم شاعیر ە سۆفی لە زۆر شتا لە یەک دەچن بەڵام هەریەکەشیان عالەمێکی جیاوازی خۆی هەیە ، خاڵی دەستپێکردن لە شیعری سۆفی گەریدا خودی تەسەوفە، هەڵوێستێکی تایبەتە بەرامبەر بە بوون(ووجود). بەکارهێنانی زمانی شیعر لای سۆفی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی نییە، بەڵکو بۆ پەردەهەڵماڵینە لەسەر ئەو خۆشەویستییە، واتا ئیعلان کردنی خۆشەویستیەکەیەتی. لێرەدا سۆفیزم دەبێ بە هەڵوێست بەلاچم گوزارشە. زۆر کەس ئەو پرسیارەی لێکردووم کاتیک هونەرمەند دانا غەنی شیعری فیراق و پرسیار کردە گۆرانی لیچیان دەپرسیم داخۆ لە خانەقایەکدا ماوەیەک ژیابم و کاریگەری ئەو شوێنەم بەسەرەوەبێ چونکە لە کۆپلەیەکی فیراقدا دەڵێم:

دوێنێ کۆڕی دیوەخانم پڕ دەروێشی سەودا سەر بوون
یەکێ تارژەن یەکێ سەنتور یەکێ بەدڵ چریکانی
نەوایەک بوو گڕی عەشقی ناوخانەقای لێی دەباری
کۆڕم ماتبوون بەدڵگریان دەف شەهید بوو لەلێدانی

من خانەقام نەدیوە سۆفیش نەبووم، بەڵام دەتوانم بە ئیحساسی شاعیرێکی سۆفی بنوسم، بەڵام تەنها ئیحساس، چونکە خۆشەویستەکانمان لە شیعرەکاندا جیاوازن، چۆن دەتوانم؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باگراوندە مەعریفییەی کە بەجیهانی سۆفیگەری ئاشناکردووم بێ ئەوەی یەک بووبم لەوان. ئەوەش بە خوێندنەوە دەستەبەر دەکرێت. ئەوەش بە گەران بە دوای سەرچاوەکانا بە زمانی خۆی ئەگەر نوسەر یان شاعیر ئەوە نەکات ئەوە وەکو ئەو شاعیرەی لێدیت کە پێشتر باسم کرد خۆشی نازانێ ئەو وشانەی بەکاری دەهێنێت و بەکای هێناون مانایان چییە و ئایا بۆ ئەو شوێنە دەبێت یانا؟؟ من ئەم تەرحە شیعرەم پێخۆشە چونکە پیکهاتەی کەسایەتی خۆم لەو جۆرە ئیحساسانەدا دەبینمەوە ئەگەر خۆشەویستیەک نەشتگەیەنێت بە خۆشەویستەکەت دەبێ لە بری کەسێکی تێکشکاو بتکاتە شوعلەیەکی پڕ لە تین و گوڕی داهێنان ئەوە لایەنی ئیجابی خۆشەویستیە. دواتر شیعر لای من ئەگەر هی خۆم بێت یان شاعیرێکی تر ئەگەر حاڵەتیکی تەواو تەواو روحی نەبێت هیچ ئەسەرێکم تیا بەجێناهێڵێ چوونکە دەبێت بەو قسانە ئاساییانەی خۆشەویستی کە رۆژانە لە تەلەفون و لە چات و لەسەر جادە و ناو باخچەکان کچان و کوڕان لەگەڵ یەکتر دەیکەن، مەبەستم ئەوەیە ئەو غەزەلانەی کە هەموو کەسێک دەتوانێت بیانهۆنێتەوە، بیە دەتوانم

بڵێم ئەوەی بەندە گردویەتیە بەر شێوازێکە لە دەربڕین لە عەشق کە لە سەر سنورەکانی سۆفیگەریەوە هەڵدەقوڵێت بەڵام بە مەرام و تێروانینێکی تر بەواتایەکی دیکە بۆ خۆشەویستیکە لەسەر ئەرز دەژی و زۆربەمان هەستی پێدەکەین و هەرکەسێک بیخوێنێتەوە وادەزانێ خۆی نوسیویەتی و چیرۆکی خۆشەویستیەکەی خۆیەتی، ئەوە سڕی مانەوەی ئەو جۆرە شیعرانەیە .

*شیعر ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە زۆرێک دەستی بۆ دەبەن و خۆیان لەقەرەی دەدەن، بەڵام دواتر ئەستەمە هەموو کەسێک بتوانێت لە قوڵاییەکانی ئەو دەریایە مەلەبکات.. تۆ تاچەند لەگەڵ شیعری ئەمڕۆدا سەروکاریت هەیە؟؟



#بەڕای من شتێک نییە پێی بڵێن شیعری دوێنێ یان ئەمڕۆ، ئەگەر شیعربێت لە هەرکات و زەمانێکدا نووسرابێت هەرشیعرە رەنگە کەرەستەی دەربڕینەکان جیاواز بێت، ئایا ئەکرێت ئەمڕۆ بە شیعری مەحوی بوترێت بەسەرچووە بە نوسینێکیش کە دەڵێت : (دیوارەکان لە ناو ئاسمانە وەنەوشەییەکاندا بەدەم خەوەوە دەفڕن) لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ نوسراوە بڵێین مۆدێرنە شیعر؟! ئەمڕۆ لە پانتایی کوردستاندا هەزاران کەس بە ئاسانی ناویان لێدەنریچت شاعیر ، بەڵام، ئایا چەندیان شاعیرن و جێگەی دەستیان بە هونەری شیعرەوە دیارە و دەمێنێتەوە؟ نوسینی شیعر بەو شێوەیەی ئەمڕۆ زۆربەیان بەخشان و شیعریان لێتێکەڵ بووە بۆیە هەرچییەک بنوسی دەتوانی بەشیعر بە خەلچکی بفرۆشیت. چونکە خوێنەری ئیستا زۆر کەمیان سەرچاوەکانی شیعریان خوێندۆتەوە ، چ پێویستیان بە هێمن و گۆران و مەحوی و حەسیب قەرداغی هەیە هەر تێشی ناگەن!! ئایا نزار قەبانی شاعیرێکی کلاسیک بوو بە مانا تەقلیدیەکەی، شاعیرێکی مۆدێرن نەبوو؟؟ شیعرەکانی بخوێننەوە

بزانن هەمووی پڕە لە ریتم و قافیە ئاخر چۆن دەتوانرێت نوسینێکی بێ ریتم ناوی لێبنرێت شیعر، ئەگەر ریتمت لە شیعر دەرهێنا دەبێت بە پەخشان بە هەرشتێکی تر بەس شیعر نا .

بۆ نمونە لە دواین شیعری خۆمدا ئاوا گوزرش لە خۆشەویستی دەکەم، من بۆ خوێنەری جێدەهێڵم ئایا ئەم شیعرە کۆنە یان نوێ؟؟

جامێکی کە

ساقی توخوا دەبۆم تێکە جامێکی کە مەڵێ شەوە
تازە، خەمم وا گوڵ ئەگرێ کوانێ ئێستا وەختی خەوە
هەرچی لێرەبوون و رۆشتن پێت وانەبێ سەریان مەست بوو
ئەوان هاتن غەمێک لابەن هەر ئەوەیان لا مەبەست بوو
کاتیان دێر بوو چون ئەوانە رێبوارێکن رێیان دورە
کاروان کوژە ئەکەونە رێ نرخی ژیان سەرەو ژوورە
منیش وەکو ئەو مەردەمە کارم سەودای زیندەگیم بوو
تاریکی شەو باسکی نەرمی رەوانەی هیلاکیم بوو
چ ئەشقێک بوو لە ناوەختدا کۆرپەی دڵمی خستە گریان
پێک لەسەر پێک مەیگێڕ بێنە نیمە لەوە زیاتر دەرمان
نە من ویستم نە ئەو وویستی نە بارگەشم لێخستبوو
کاتێک زانیم هەوارێکە رۆحم نوێژی دابەستبوو
ووتم شینە یاخود خۆشی ناوم چییە لەم بەزمەدا؟؟
وتیان دەروێش، بەڵام هەر خۆت تاک و تەنیا لەم زیکرەدا
تێیکە ساقی باگەرم بێ سەری ماندوم بەو بادەیە
بکەومە سۆز چوون ژوانی ئەو ئەشقەی من بێ وادەیە

*ژمارەیەک گەنجی دیار هەیە کە تا رادەیەک توانیویانە پەرە بەبەهرەی شیعر نوسینیان بدەن، دەکرێت بزانین خالید مەجید فەرەج گەشبینە بە ئایندەی کام یەک لەو گەنجانە، بەتایبەتی بە رەوتی شیعر و ئەدەبی نویچی کوردی بەگشتی؟؟

#من گەشبینم بە ئایندەی هەر گەنجێک کە بەهرەیەکی خۆرسکی نوسینی شیعری تیابێت لەگەڵ پلەیەکی بەرزی خوێندەواری و رۆشنبیریەکی گشتی باشیشی هەبێت و بەردەوامیش بێت لە پێشخستنی خۆی گەشبینم بە ئایندەی گەنجێک کە کاتێک دەست دەکات بە شیعر نووسین زۆربەی زۆری دیوانە شیعریە رەسەنەکانی کوردی خوێندبێتەوە و چێژی لێوەرگرتبێ ئەوکات دەتوانم بڵێم ئەو گەنجە پاشە رۆژێکی باشی دەبێت، یەکێک لە فەیس بووک ئەم دێڕە شیعرەی نوسیبوو: (ئەم ئێوارەیە زۆر ساردە تەم بالاچی گوێژەی گرتووە) پێم ووت ئەو شیعرە هەڵەیە، ووتی بۆ؟ ووتم ئەوەی سەرەتاکانی وانەی فیزیای خوێندبێ دەزانێ کە ئەگەر پلەی گەرما زۆر نزم بوو، وەکو لەو ئێوارەیەی ئەو شاعیرەدا هاتووە ، قەت هەڵم یان تەم بەرز نابێتە. چونکە تەم لە کاتی شیچی زۆردا بە تینی خۆر بەرز دەبێتەوە . ووتی راستدەکەیت، کێشەکە لەوەدایە مۆسیقیەکەش درک بەوەناکات و گۆرانی بێژکەش کە دەیلێت. کەواتە لێرەدا قەیرانی خوێندەواری و رۆشنبیریمان، هەیە من ناڵێم بەڵام دەڵێم تاکو ئاستە مەعریفیەکە بەرزتر بێت بەرهەمە ئەدەبیەکەش بەرز تر دەبێت. ئایا ئەو هەڵانە لە شیعری گۆران و هێمندا دەبینرێن یەک ووشەیان داناوە بەبێ ئەوەی ماناو جێگەی تەواوی خۆی لەو دێڕ شیعرەیا نەگرتبێ؟؟

تاهیر بەگی جاف دەڵێ: (( بەغەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستی کردین، بە ماچی لیچوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین، ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بەهای من، کەچی دەستی

لەسەر دانا لەسەیری باغ و بەی کردین)) ئایا لەم شیعرەدا یەک ووشەیە هەیە ناسازبێ بۆ قافیە دانرابێ؟؟ بۆ؟ چونکە تاهیر بەگ شاعیر بووە .

*ئەگەر سەرپشکت بکەن لە نێوان ئەوەی لە هەردوو بواری یاسا و شیعردا یەکێکیان هەڵبژێریت کامیان هەڵئەبژێریت؟ بۆچی؟

#ئەگەر سەرپشکم بکەن هەر یاسا هەڵئەبژێرم، من یاسام وەکو حەز خوێند، چونکە هەر لە قۆناغی ناوەندییەوە خولیای خوێندنەوەی بابەتی سیاسی، وەکو تیۆر و وەکو فیکر بووم و دەمزانی کە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ببێتە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو، دەبێت حەتمەن یاسای خوێندبێ. چونکە ئەوەی یاسای نەخوێندبێ، هیچ لە دەستورو حوکمرانی و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت، وەکو پەرلەمان و حکومەت و سیستەمەسیاسیەکان و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان و هەڵبژاردن نازانێ. ئەگەر بشزانێ ، شتێکی زۆر کەمی لێدەزانێ، هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنیش بەبێ رێزگرتن لەیاسا لەلایەن گەورەترین پایەداری دەوڵەت تاکو هاووڵاتیەکی سادە ئەگەر نەبێت قەت نایەتەدی. چونکە لە کۆمەڵگەو دەوڵەتی مۆدێرندا، هەموو جومگەکان لەسەر یاسا وەستاون. رێزدانان بۆ یاساو دام و دەزگا یاساییەکان بووە بە کەڵچەر، هەموو کەس بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، ئەگەر کارێکی دزێوی دی پۆلیسی لێئاگادار بکاتەوە، بێگومان کەمینەیەکی زۆر کەم هەن هەوڵئەدەن یاسا بشکێنن، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی لای خۆمان، بەجۆرێک کەمن لە هیچەوە دیار نین بۆیە شیعرم هەڵنەبژارد چونکە جارجار دەتوانم بە دزیەوە شیعر بنوسم .

*خالید مەجید ساڵانێکی زۆر هەفتانە لەگەڵ یاساو کۆمەڵدا دەهاتەماڵەکانمانەوە، بەڵام، لە پڕوون بوو!! و تائیستا زۆر بە کەمی لە میدیاکانەوە دەردەکەوێت، ئەمە بۆچی؟؟؟ یانخود ئەم وونبونە درێژەی خالید بۆچی؟؟

بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان، بەداخەوە لەبار نەبوو بۆ بەردەوام بوون و خۆ تەرخانکردن بۆ ئەو پرۆژە گرنگەی کە دەستم پێکرد بوو. کە مەبەست لێی رۆشنکردنەوەی ئەقڵی کۆمەڵگەی کوردەواریمان بوو، بۆ دورکەوتنەوە لەو باو و نەریتە کۆمەڵایەتیە ژەنگرتووەکان و وابەستەبوون بە یاسایەکەوە کە مافەکانی مرۆڤ دابین دەکات و کۆمەڵگە لە ئاکاری ئەقڵی خێڵ و پاشاگەردانیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تیایدامافەکانی تاک بە حوکمی دەستورێکی مۆدێرن و پشت بەستوو بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ پارێزراو دەبێت. دەڵێم بە داخەوە نەمتوانی چونکە ئەو کارە خۆتەرخانکردنی تەواوی دەویست واتا هیچ ئیشێکی دیکە نەکەیت، ئەویش بە ئیمکانێتی مادی خۆم نەدەکرا هەر بەهۆی ئەو بەرنامەیەوە کارەکەم لە کیس چوو، پاڵپشتێکیشم نەبوو کە لانی کەمی سەرچاوەی ژیانم بۆ دابین بکات، ئەوکات تەلەفزیۆن وەکو ئیستا نەبوو هەرکەسێک دوو رۆژ دەربکەوێت خوای ئەکرد بەرنامەی خۆت و چانستی پێشکەش دەکرد مەعاشی باش و سەیارەی بۆ بکرن، ئەوکاتە پێشمەرگایەتی بوو. من هەموو کاتێک دەتوانم ئەو پرۆژەیە لە کوێ وەستاوە لەوێوەباشتر و چاکتر دەستی پێبکەمەوە، بۆ زانینتان ئەوکاتە لە نیوەی یەکەی نەوەدەکان من ئەو بەرنامەیەم راستەوخۆ پێشکەش دەکرد و چل و پێنج خولەک بەبێ هەڵە بە تەنها قسەم دەکرد، بەڵام ئایا میدیای کوردی بەشوێن کادری وەکو ئێمەدا دەگەڕێت؟؟ لەوەتەی ووڵاتم جێهیشتَوە چەند جارێ بەسەردان گەڕومەتەوە گۆرانیبێژ و شاعیر نەماوە دوو سێ جار لە میدیاکانەوە چاو پێکەوتنی لەگەلڕدا نەکرابێت بەڵام بەندە کە پرۆژەیەکی ئاوا گرنگی لە سات و کاتێکی زۆر ناسکی کوردستاندا بە تاقی تەنها ئامادە و پێشکەش دەکرد، کە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤی کورددا دەدوا و هەوڵی دەدا لە کۆت و زنجیری بەکەم زانینی ژن و خودی پیاو خۆشی دەربهێنێت بۆ یەکجاریش پێم نەوتراوە بەخێر بێیتەوە. هەروەکو بروایان نەکردبێ کە ئەو بەرنامە سەرکەوتووە بە هەموو پێوەرەکانی سەرکەوتن کۆتایی پێهات وەکو ئەوەی بڵێین با زیندوی نەکەینەوە و بیری خەڵکی بخەینەوە و دواتر لە خۆمانی تێک بدەین چونکە ئەو کاتە بینەر بەراورد دەکات لە نێوان ئیشی باش و خراپدا .

پرۆفایل:  لە سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی یاسا زانکۆی بەغدایە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە یاسادا و ئەندامی یەکێکتی پارێزەرانی کوردستان و ئەندامی یەکێتی رۆژنامەنوسانی جیهانییە.  ووتاری ئەدەبی و سیاسی و فکری بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەنوسێت و زۆربەی زۆری شیعرەکانیشی کراون بە گۆرانی و ئیستا لە بەلجیکا دەژێت و وەرگێڕی یاسایی زمانی هۆڵەندییە بۆ کوردی و عەرەبی. ئامادەکار و پێشکەشکاری یەکەمین بەرنامەی یاسایی و کۆمەڵایەتی بووە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندیەوە.

# لە ژمارە 56 ی گۆڤاری خێزان بڵاوکراوەتەوە.